ئێحسان تەبەریی

وەرگێر: ح. ئەیوبزادە

# لە نێوان وردە خیز و ئەڵماساندا

لە بەهار بدوێ

لەو گوڵکەڤرە رەنگینە کە شین بوو

لەژێر ئاسمانی رەنگ  گۆگردی،

لە فڕینی تۆزی تەڵا بە مارپێچی ڕێدا،

لە قوڵکان کە ئاسمانیکیان تێدا

لە بیئەژمار گوڵی زەرد

لە بێئەژمار سپیگول

لە گوڕەی نووستوو لە توێی خامۆشی ،

لە دڵەکوتەی هەنگاوی نە ئاشنا،

لە فڕینی مەل و جەغزی هەوا

بانی  دار و  دە باسکی ئاواڵەی

خۆدەرخستنی کتوپری خۆر و ئەفسونی

لە نێوان رەنگ و بارستایی.

جیهانێکی هاوئاهەنگە

لە هاوئاهەنگیی وەنەوشەی ئاچخی نەستەرن و ئەرخەوانیی توندی ئاسۆ

لە هاوئاهەنگیی گوڵرەنگ مەشخەڵی خاسە بەڕوو و

تاجی لەرزۆکی سەرو.

جیهانی دیاردەیە.

لەرزی  بە دەوامی کزەڵۆکە گیای چەمیاو
سەفەری بێ ئاکامی گوڵی قاسید
سووری ناچاری گەڵای بەردەمی بای چارەنووس.

چاوی من
لە ڕکەی خشت و شووشەدا
کاتێ لە فڕینی شاهۆ بە ئاسمانی لاژوەردییەوە دەروانێ
لە بەر خەم فرمێسکی تێدەچزێ.
لێرەوە تا پەردەی رووناکی مانگ،
تا وڵاتی هەراوی ئاوگەلی ئاسمان،
ئاخ ئەی فڕینی خەیاڵ و نیگا!

لە شەپۆلی روناکی هەوادا
کە وەکو شیری گەرم دەکرێ وەیخۆی
ویرەویرێ  دووری باڵی وەك عاجی کۆتری دلۆڤان،
سرودی بلوورینی مناڵێکی قژلوولی ئاڵتونڕەنگە.
بانگ وهاوارێ گەڵا  لە لکی دار دایە
بەو هەمو پۆرگە زێوینەوەو رەگی شلك و
ئەو هەموو کەشمی ئەندازیاریی و نە ئەندازیارییە
بەڵێ ئەم گیاگەلە
لە مەلووچك و سیسرکان زۆربڵەترن و
من بە گوێی خۆم
سروودی ئاسمانم گوێ لێیە کە

**لەگەل ڕێژنەبارانی زێرینی خۆرەتاو**

**رۆدەڕژێ.**

**لە گیان دا و لە شێعری ماك و**

**لەو بەری نالێکیی چێو و سەنگ**

**لە جیاکردنەوە و لێکدانی هەموو بوونەوەران،**

**لە شێعری پڕشکۆی بورکان**

**گڵی خوێناویی زەمان،**

**لە شادگەیَ رۆ ڕژانی تاڤگە،**

**لە هەموو جێیەك رووحی منە هەلکورماو و من**

**لەو نوێژگەیە کە ئاشنای رووحە**

**لە نێوان ئەستوندکی دوور و درێژی نور شێتانە دەگەڕێم و**

**لەگەڵ گرمەی هەور پێدەکەنم**

**تا ئەو شوێنە کە**

**بە نێو شانی تەڕەوە پەنا دەبەمە بەر کلۆشی بوندار**

**شڵپەشڵپی جۆگەیەکی رێ ونکردوو،**

**لەوشوێنە کە  کونەکەپۆی نەرمی ئاسکێ لێ دەلەرێ و**

**میوەی کاڵ بێدەنگ بەردەبێتەوە**

**بەسەر کرێژەبەردانددا کە سەنگی رەگە شین،**

**لە خەزێنەی رەنگگەلی بێ نێودا،**

**لە یاریی بەشکۆی سێبەر و روناکییداو**

**لەو شاری پر لە هەراوهەنگامەی مێروو مێشەهەنگدا**

**بە گۆشە نشینیی خۆمەوە**

**کە وەکو شەراب سەرخۆشکەرە،**

**لەگەڵ تەنیایی خۆم کە وەکو هەرمان قووڵە.**

**،***

**گوڵکەڤر = گوڵسەنگ ،کرێژەبەرد**